**الاتحاد العام اللاجئين العراقيين**
**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**

---

# نامەیەكی كراوە بۆ بەریز كۆفی ئەنان سكرتیری نەتەوە یەكگرتووەكان

**لەبارەی دیپۆرتی پەنابەرانی كوردەوە**

**سلاوێكی گەرم...**

حكومەتی بریتانیا پێچەوانەی جارنامەی مافەكانی مرۆڤ، و بریارنامەكانی جنیفی 1951 سەبارەت بە مافەكانی پەنابەران، لەماوەی یەك سالی رابردوودا 49 پەنابەری كوردی بەزۆر بەبێ ئەوەی هیچ فۆرمێكی گەرانەوە ئیمزا بكەن گەراندۆتەوە بۆ كوردستانی عیراق .

- لەشەوی 21\22-11-2005 دا (15) پەنابەری كورد بەزەبری لیدان و اهانەت وسوكایەتی پێكرد بە كەلەپچەكراوی رەوانەی فرۆكەخانەی قبرس دەكرێن پاشان بە فرۆكەی سەربازی و جلوبەرگی سەربازی و كەلەپچەكراوی دەیانیرنەوە فرۆكەخانەی هەولێر لەكوردستانی عیراق.
- 34 پەنابەری تر رۆژی 5-9-2006 بەهەمان شێوە دوای اهانە و سووكایەتی پیكردنیان، بەكەلەپچەكراوی وبەفرۆكەی سەربازی لە لەندەنەوە بەزۆر رەوانەی كوردستان دەكرێنەوە لەكاتیكدا ئەم پەنابەرانە نە ئیسری جەنگن و نە تاوان بارن.

ئەمە هەنگاوێكی ئەوپەری دژ ئینسانی و راسیستانەیە. ئەمە بەتەواوەتی لیسندنەوەی ماف نیشتەجێ بوون وژیر پینانی ئاشكرای مافەكانی مرۆڤە. حكومەتی بەریتانیا بەر لەچەند هەفتە پێش دەستپێكردنی جەنگی عیراق تەواوی كەیسی پەنابەرانی عیراقی لە دادگاكاندا رادەگرێ و پاشان وەزارەتی ناخۆی بریتانیا دەست دەكات بە رەفزی بەكۆمەڵی پەنابەرانی عیراقی و برینی سوسیال ولیسندنەوەی خانووبەرەو دانی ڤاوچەرو و گرتن راونان وە تەنانەت دەستبردن بۆ لەسەركاردەركردنی كریكارانی كورد لەكارگەو كۆمپانیاكان لەشاری هال بۆ ئەوەی پەنابەران ناچار بكات بەرازی بوون بەناردنەوەیان، لەكاتێكدا ئەم پەنابەرانە بەشێوەیەكی یاسای كاریان كردەوە و بەپێ یاساكانی دەولەت تاكس و كرێیان داوە و تیكەل بوون بە كۆمەلگای بەریتانیا و خەریكی دابینكردنی پیداویستیەكانی ژیانی خۆیان وخیزانەكانیان بوون.

بەریزان:

دەولەتی بەریتانیا وەك لایەنیكی راستەوخۆی شەرو داگیر كاری لەعیراقدا خۆیان سەرچاوەی نائەمنی و ئاسایشی عیراقن ،خۆیان بەناوی هینانی دیمكراسی یەوە نۆینەری سەرۆك عەشیرەت و ئەحزابی قەومی و دەستەو تاقمی ئیسلامییان كۆكردۆتەوە كە هیچ یان لێ رەچاو ناكرێ جگەلە كۆنەپەرستی و هەلگیرساندنی شەری ناوخۆو(شەری مەزهەبی و تایفی) بێ ماف و بێ حقوقی ژنان و مندالان وهەژاری و ژیر پێ نانی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنی و كومەلایەتی یەكانی خەلكی عیراق.

شەرێك كەدەولەتی بەریتانیا لەدژی خەلكی عیراق تیدا بەشداریكرد، هەزاران ئینسانی كردۆتە قوربانی و هەزارانیشی ئاوارەو دەربەدەر كردوە بۆ وولاتەكانی دراوسێ و ملیونەها ئینسانیش لەژیر سایەی نائەمنی و بیمافی و سەرگەردانیدا راگرتووە.

كوردستان باشتر نیە لە خوارو ناوەراست و باشوری عیراق، حوكمی میلیشای و بێ قانوونی و گەندەلی ئیداری وسیاسی و سەركوت و راونانی خەلكی ئۆپۆزیسیون و تەقەكردن لەنارەزایەتی هیمنانەی خەلكی لەژیر سایەی هەردوو دەسەلاتی یەكتی نیشتمانی كوردستان و پارتی دیمكراتی كوردستان رۆژانە بەهەزاران گەنج و لاو خەلكی كوردستانی ناچار بەئاوارەی كردوە بۆ دەولەتانی دراوسێ یان وولاتانی ئەوریا لەپێناو ژیانێكی ئارام و ئینسانی. شەپۆلی رووكردنە هاندەران لایەنیكی بەر هەم و ئاكامی راستەخۆی سیاسەتێكە كە دەولەتی بەریتانیا لەعیراقدا بەریوەی دەبات و لەسەریتی ماف پەنابەری بۆ تەواوی پەنابەرانی عیراقی بەرەسمی بناسیت .

من لەبارەی خەتەری ناردنەوەی پەنابەرانی كورد چەند جار لە كۆبوونەوەی پەرلەمان وە دوو جار نامەم داوە بە بە ریز (تونی بلیر) كە وەلامیان ئەوە بووە ئەم كیشەیە دەخەنە بەردەم وەزارەتی ناخۆ ئەوانیش بێ وەلام بوون. هەربۆیە لەم بارەیەشەوە لە بەریزاتان داواكارم بۆ لیكۆلینەوەو بەدوا چوون لەپەیوەند بەسیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی ئەو 49 پەنابەرە كە ژینیان لەمەترسیدایە لەكوردستان. وە داواكارم لیتان لەم گرفتەدا دەخالەت بكەن و بەشیوەی گونجاوی خۆتان بۆ بەرگرتن و هەلوەشاندنەوەی بریاری بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران هەنگاو هەلگرن و لە حكومەتی بریتانیا داوا بكەن كەئەم سیاسەتەی رابگری. هەروەها داوە بكەن تا ریز لە بریارەكانی كۆنفیدراسیۆنی جینیڤی 1951 بگری و بەلینی جیبەجی كردنی تەواوی بەندەكانی رابگەیەنی.

ئێمە لەگەل كۆمەلێك رێكخراو نیهادی پەنابەری و ئەندام پەرلەمانی بریتانیا كەلەبەرەیەكی هاوبەشدا كۆبوینەتەوە، بەدژی دیپۆرتی پەنابەرانی كورد راوەستاوین، هەربۆیە لیرەش داوادەكەین لەئیوە كە:

1– فشاربهینن بۆ حکومەتی بەریتانیا تا سیاسەتی دیپورت کردنی پەنابەرانی کورد و عیراقی رابگری و مافی ئەوەیان پیٚ بدات تا دیفاع لەخۆیان وەکەیسەکانیان بکەن.

2– دانی مافی پەنابەری بە پەنابەرانی کورد وعیراقی بەعنوانی قوربانیانی شەرو نائەمنی لەعیراقدا.

3– داوابکەن کەهەرجۆرە هیرشیك بۆسەر ژیانی پەنابەران لەوانە، لیٚسەندنەوەی خزمەت گوزاریەکان (خانووبەرە وەحقوقی سوسیال وەمافی کارکردن ) رابگری.

4– ئازادی کردنی ئەو پەنابەرکوردانەی لەگرتووخانەکادا راگیراوە

بارودۆخی پەنابەرانی کوردی عیراقی لە بەریتانیا یەکجار خراپەو ژیانی ئەوانی لەدلەراوکی دا راگرتووە، پیشهاتەکانی ئەم وەزعیەتانە بە دلٚنیایەوە بەرۆکی ئیوەش وەك یەکیٚك لە دەزگا بەرپرسەکانی مافی مرۆۋ و پەنابەری دەگریتەوە، بۆیە ئیمە چاوەروانی ئەوەین لەراگرتنی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەراندا دەور بگیرن..

دەشتی جەمال

بەرپرس لەفیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

2006–9–17

d.jamal@ntlworld.com

---

PO.BOX1575 ,ILFORD,IG1 3BZ, LONDON.UK

Tel:0044:07856032991